وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان
ژمـــارە : ٤٩٥/٣
ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٣/٢٩

بەیـــــان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە پێی مـــادەی (٩ / دووەم) لە یـــاســـای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیـــارماندا بە **کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرە لە ناحیەی بیارە ، سنوری کارەکانی هەردوو ناحیەی (خورمـــاڵ و بیارە) و (شارۆچکەی تەوێلە) دەگرێتەوە.**

فاروق جمیل صادق
وەزیری داد

وەزارەتی شارەوانی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
فەرمانگەی یـــاســـایی
ژمـــارە : ٤٩٥/٣
ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٣/٢٩

بەیـــــان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە بڕگە (د) ی ماددەی (١٠) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە(٦)ی ســاڵی ١٩٩٣ی هەمـوار کـــراو ، وە لـــەبـــەر گەیشتنی ژمـــارەی دانیشتوانی نـــاحیەی تەکـیە بۆ (٢٤٣٥٥) بیست و چوار هەزار و سێ سەد و پەنجاو پێنج کەس بـڕیارماندا بە :-

١. گۆڕینی پلەی شارەوانی تەکیە لە سنوری پارێزگای سلێمانی بۆ پلەی (٢) لەسەر ڕۆشنایی یاسای سەرەوە.
٢. ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

نازەنین محمد وسو
وەزیری شارەوانی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

WWW.MOJKURDISTAN.COM